KURDI-SORANI

**بۆچی چالاکی و وەرزش گرینگە؟**

منداڵان و گەنجان بە هاوکاریی وەرزش و چالاکی سەرنجڕاکیش و هاندەر دەتوانن کارامەیی نوێ فێربن و خاڵە بەهێزەکانی خۆیان بدۆزنەوە و هاوڕێگەلێک پەیا کەن. وەرزش و چالاکییەکی سەرنجڕاکێش و هاندەر پاڵپشتی گەشەکردنی منداڵان و گەنجان دەکات. منداڵان و گەنجان فێردەبن بەرپرسیارێتی خۆیان لە ئەستۆ بگرن و پابەندبن بە ئامانجە هاوبەشەکانەوە. لە ژینگەیەکی سەلامەتی وەرزش و سەرگەرمی دا، پێکەوە فێردەبین کە ئەوانی دیکە لەبەرچاو بگرین و پێکەوە کاری هاوبەش بکەین.

**مۆڵەت بۆ وەرزش و سەرگەرمی-چالاکی**

بەشی پەروەردەی بنەڕەتی هەموو هەفتەیەک بە شێوەیەکی بەردەوام و بێبەرانبەر چالاکیی وەرزشی بۆ سەرجەم خوێندکارانی پۆلەکانی ١ تا ٩ ڕێکدەخات.

ئەم وەرزش و سەرگەرمییانە پاشنیوڕۆیان و لە دوای دەوامی خوێندنگە دەبن. هەفتانە سەدان گروپی وەرزش و چالاکیی جیاواز هەیە. گروپەکانی" Lupa harrastaa" دەتوانرێت لە هەموو خوێندنگەکان و لە شوێنە جیاوازەکانی چالاکییە ورەزشییەکانی گەڕەکەکانی شارەکەدا بدۆزرێتەوە. خوێندکار دەتوانێت لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە چالاکیی گونجاویان بۆ تەمەنی ئەو هەیە، ناوی خۆی تۆمار بکات.

زانیاری لە بارەی گروپەکانی "Lupa harrastaa" دەدۆزیتەوە لە سالّنامەی وەرزش و چالاکییەکاندا /

https://lyyti.fi/e/cal/lupa-liikkua-lupa-harrastaa.html

lupaliikkuajaharrastaa@tampere.fi

Lupa liikkua Lupa harrastaa activities | www.tampere.fi